سۆما عەلی یاریزانی تۆپی دەستی یانەی ئافرۆدێت:

# پێویستە بەرپرسان چاوێک بە وەرزشیی کوردستاندا بخشێننەوە

***چۆن بوو یانەی ئەفرۆدێتت هەڵبژارد؟**

-چونکە یانەی ئافرۆدێت شوێنی پێگەیاندنی کچە یاریزانانە، بۆیە ئەم یانەیەم بۆ وەرزشکردن هەڵبژارد.

***لە ناو ئەم هەموو یارییە چۆن بوو یاری تۆپی دەستت هەڵبژارد؟**

-وەکو یاریزان من بەشداریم کردووە لە زۆربەی یارییەکانی وەرزشی، بەڵام لە کۆتاییدا خۆم لە یاری تۆپی دەستی بینییەوەو توانیومە لەم یارییە سەرکەوتوو بم.

***ئاستی یاری تۆپی دەست لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

-تۆپی دەستی لە کوردستاندا گرنگی زۆری پێی نادرێت وەکو یارییەکانی تۆپی باسکە و بالە، بۆ نموونە لە سلێمانی یەك تیپی تۆپی دەستی هەیە، لە هەولێریش دوو تیپ، ئەوەش نابێتە هۆکاری بۆ ئەوەی ئاستی یارییەکە زۆر باش بێت.

***ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی کە تۆ لە هەردوو خول بەشداری؟**

-بە تەئکید لەسەر ئاستی عێراق گرنگی زیاتر بە یاریزانان و یارییەکە دەدرێت و دەرفەتی زیاتر دێتەپێش بۆ چاوکردنەوەی یاریزانان، ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئاستی یاریزان باشتر بێت.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت؟**

-بە دروستکردنی تیپی لاوان و تازە پێگەیشتووان و قوتابخانەکان و دابینکردنی پێداویستییە وەرزشییەکان بۆ تیپی کچان بێگومان ئەم یارییە قۆناخی باشتر دەبڕێت لە داهاتوودا.

***کێشەو گرفتی یاری تۆپی دەست لە چیدایە؟**

-کەمکردنەوەی پاڵەوانیەتی لەم یارییەدا ئەوە هۆکارە کە ئەم یارییە گرفتی هەیە، هەروەها دابیننەکردنی پێداویستییەکانیش هەر کێشەیە بۆ یاریزانان.

***بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە بەرەوپاشچووندایە بەتایبەت لە ئاستی کچان؟**

-چونکە کچ زیاتر حەزی لە یاری تۆپی باسکەیە، ئەوانەی حەز بە یاری تۆپی دەستی دەکەن ژمارەیان کەمە، بەڵام بە هاندانی یاریزانانی کچ بۆ ئەم یارییە رەنگە بچێتە قۆناخی ترەوە.

***هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لەم یارییە چییە؟**

- بەدەستهێنانی نازناوی خولی کوردستان کە لە تیپەکەی ئێمە نەچێتە دەر هەر وەکو ساڵی ٢٠١٦



دیمانە: کارزان کانەبی

بەدەستمان هێنا لەسەر ئاستی عێراق بەهیوای ئەوەشم لە ئاستی کوردستانیش ئێمە پاڵەوان بین.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان؟**

-بردنەوەی نازناوی کوردستان لەگەڵ یانەی ئافرۆدێت و بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق ئەوانە باشترین ئەنجامەکانمن.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لە داهاتوودا خزمەتی زیاتر بە ڕەوتی وەرزشیی بکەم لە کوردستان و ئاستی ئەم یارییەش زیاتر بەرەو پێش بچێت.

***پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی؟**

-چاوێك بە وەرزشیی کوردستاندا بخشێننەوەو با ئەوە ببینن کەوا یاریزانانی کوردستان و کچانی وڵاتەکەمان چ ئاستێکیان هەیە.

***خانەوادەکەت تا چەند لە وەرزش کردنت هاوکارت بوون؟**

-دایکم و براکەم هەموو کاتێك پشتیوانم بوون بۆ وەرزشکردن و هەرکارێك کە ویستوومە بیکەم لە ژیانمدا، بۆیە سوپاسی ئەو پشتگیرییەی خانەوادەکەم دەکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-دەستخۆشی لە هەر تاکێك دەکەم کە گرنگی بە وەرزش دەدات لە کوردستان و ئەوانەی کە هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانان دەدەن، سوپاسی مامۆستا کوردۆ دەکەم کە منی گەیاند بەم ئاستەی ئێستام و هەموو کات پشتیوانم بووە. سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم کە بەردەوام هانی وەرزشکاران دەدەن بۆ هاتنیان بۆ ناو وەرزش و پشتگیری یاریزانان دەکەن بۆ دەرکەوتنیان.

**سۆما عەلی یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یاری تۆپی دەستی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی کە تاکە یانەی تایبەت بە کچە وەرزشکارانی شارەکەیە لە یارییە جیاوازەکان. سۆما ئەمساڵ توانی لەگەڵ یانەی ئافرۆدێت لە بەدەستهێنانی نازناوی کوردستان و عێراق ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، جگە لە یانەی ئافرۆدێت بۆ یانەی سیروانی نوێ و هەڵبژاردەی عێراقیش یاری کردووە، لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبیش توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق پێشکەش بکات. سۆما لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانییەو دەرچووی ئامادەییەو ئێستا بەنیازە لە کۆلێژی پەروەردەیی وەرزشیی درێژە بە کاروانی وەرزشیی و خوێندنی خۆی بدات. بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانیی وەرزشی ئەو وەرزشوانە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**










دیمانە: کارزان کانەبی



# دەستگیرکردنی ئەو هاندەرەی نیماری زامدار کرد

دوای ئەوەی یاریزان (نیمار داسیلفا) لە یاری بەرشلۆنەو ڤالنسیا بە بوتڵێکی ئاو زامدار دەکرێت، پۆلیسی ڤالنسیا دوای بەدواچوونێکی ورد ئەو هاندەرە دەستگیر دەکات، کە ئەو کارە ناشیاوەی ئەنجام داوە.

لەم بارەیەوە، رۆژنامەی (AS)ی ئیسپانی بڵاویکردووەتەوە، کە دوای هەماهەنگیکردنی یانەی ڤالنسیا لەگەڵ پۆلیسی شارەکەو بە پشتبەستن بە گرتە ڤیدیۆیی رووداوەکە، توانیویەتی کەسە تۆمەتبارەکە بدۆزێتەوەو دواتریش دەستگیری بکات، هەروەها ئاماژەی کردووە، کە یانەی ڤالنسیا ئەگەری هەیە لەسەر ئەم رووداوە کە توندوتیژی هاندەرانی دەسەلمێنێت، رووبەڕووی سزای توندی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا ببێتەوە، رەنگە سزاکانیش لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە رووداوانە گواستنەوەی ژمارەیەک یاری بۆ دەرەوەی یاریگای یانە شەمشەمەکوێرەکان بێت.

لە یاری بەرشلۆنەو ڤالنسیا کە ٣-٢ لە دوایین چرکەکانی یاریدا بۆ بەرژەوەندی بارسا تەواو بوو، هاندەرانی یانەی خاوەن یاریگا بە بوتڵی ئاو و گوتنەوەی دروشمی ناشیاو هێرشیان کردە بۆ سەر یاریزانانی بەرشلۆنە.




# رائوول گۆنزالیز پێشبینییەکانی لەسەر خەڵاتی بالۆن دۆر ئاشکرا دەکات

لەتازەترین لێدوانیدا بۆ رۆژنامەکان (رائوول گۆنزالیس) ئەستێرەی پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید پێشبینییەکانی خۆی بۆ براوەی خەڵاتی بالۆن دۆری ئەمساڵ ئاشکرا کرد.

لەم بارەیەوە، رائوول پێیوایە کە (کریستیانۆ رۆناڵدۆ) هێرشبەری یانەی شاهانە باشترین پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی تۆپی زێڕین، کە لە لایەن گۆڤاری (فرانس فووتبۆڵ) دابەش دەکرێت، دوای ئەویش بە بۆچوونی یاریزانەکە هەر یەکە لە (لیونێل میسی) ئاستێرەی بەرشلۆنەو (ئەنتۆنیۆ گریزمان) هێرشبەری ئەتلەتیکۆ مەدرید شانبەشانی رۆناڵدۆ لەسەر ستەیجی دابەشکردنی خەڵاتەکان بوونیان دەبێت و رکابەری دەکەن.

لەم بارەیەوە، رائوول ئاشکرای کردووە، کە ئاستی رۆنالدۆ و میسی لە خانەیەکی پێشتر لە گاریس بەیل و گریزمان و نێیمار و سوارێز دەبێت، گوتیشی: رۆناڵدۆ بەهۆی بەدەستهێنانی چامپیۆنزلیگ و یۆرۆ چانسی بردنەوەی لە هەموو پاڵێوراوەکان زیاتر دەبێت.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە بەراوردکردنی ئاستی رۆناڵدۆ و لیونێل میسی، رائوول گوتی: ئاستی هەردووکیان وەک یەک لەقەڵەم دەدەم، هەردووکیان باشترین یاریزانن، بەڵام شێوازی یاریکردنیان جیاوازە.



# دیبالا باسی گرێبەستە گەورەکەی بەرشلۆنە دەکات

لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا (پاولۆ دیبالا) ئەستێرەی لاوی یانەی یۆڤینتۆس، باسی گرێبەستێکی گەورەی یانەی بەرشلۆنە دەکات و هۆکارەی رەتکردنەوەی گرێبەستەکەش ئاشکرا دەکات.

لەمبارەیەوە، یاریزانە ئەرژەنتینییەکە بە رۆژنامەنووسان دەڵێت: لە میرکاتۆی ئەم هاوینەدا یانەی یۆڤێنتۆس گرێبەستێکی گەورەی بە بڕی ٨٠ ملیۆن یۆرۆی یانەی بەرشلۆنە رەتکردووەتەوە، منیش سوپاسیان دەکەم لەبەر ئەوەی ئەوان باوەڕیان بە تواناکانی من هەیە، خۆشحاڵم لەگەڵ یۆڤینتۆس و نازانم تا کەی لێرە دەمێنمەوە، بەڵام گەر لێرە رۆیشتم بەدڵنیاییەوە روو لە یانەیەکی گەورە دەکەمەوە.

لەکۆتاییدا، دیبالا کە تەمەنی ٢٢ ساڵە رایگەیاند کە خوازیارە لە داهاتوو بتوانێت نازناوی چامپیۆنزلیگ بەدەست بهێنێت و خەونە گەورەکەشی بەرزکردنەوەی جامی مۆندیالە لەگەڵ هەڵبژاردەی تانگۆی ئارژەنتین، لەمباریەوە دەڵێت: گەر مۆندیال دەستەبەر بکەین، لەوانەیە لە خۆشییان هۆشم لە دەست بدەم.





# ڕاهێنەری تیپی باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی داوای پشتگیریی کۆمپانیاکان دەکات

دوای ئەوەی بۆ ماوەی یەك هەفتە لە شاری هەولێر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خولی باڵەی پێکەوەژیان بۆ یانەکانی شارەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی ئەکادو پێشمەرگەی سلێمانی گەیشتنە یاری کۆتایی و لە ئەنجامیشدا باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی نازناوەکەی بەدەست هێناو بووە پاڵەوانی خولی باڵەی پێکەوەژیان. ئەوە چەندین جارە بۆ خولە وەرزشییەکان پشت بە کۆمپانیا و کەرتی تایبەت دەبەسترێ. دکتۆر سەڵاح کانەبی ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کە پاڵەوانی خولەکە بوو، لە بارەی هاوکاریکردنی کەرتی تایبەت بۆ وەرزش تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «کارێکی زۆر باشە کەوا کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان بتوانن هاوکاری بەردەوامی وەرزشیی بکەن بۆ بەڕێوەچوونی خولەکان و ببنە سپۆنسەری ئەنجامدانی خولەکان، چونکە پشتگیریکردنی یاریزانان و تیپەکانی وەرزشیی دەبێتە فاکتەرێکی باش بۆ باشتربوونی ڕەوشی وەرزشیی، بەتایبەتی لەم قەیرانەدا ئەوە کارێکی زۆر پێویستە، یەکەمجاریشە کەوا کەرتی تایبەت پشتگیری یاری باڵە دەکەن لە کوردستان، من دەستخۆشی لە کۆمپانیای ناس پیی دەکەم بۆ سپۆنسەری کردنی ئەم پاڵەوانیەتییە، ئامادەبوونی ئەم هەموو هاندەرە وەرزشییەش خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنی خولەکە بوو. بەهیوای ئەوەم کۆمپانیاکانی تریش چاو لەم کۆمپانیایە بکەن بۆ ئەوەی زیاتر پشتگیری وەرزشی کوردستان بکرێت و خولی زیاتر بۆ یارییەکانی تریش بکرێتەوە و باوەش بۆ گەنجان و لاوان بکرێتەوە.»




## ڕامیار ئازاد چاوی لە گۆڵکاری یانە ئەڵمانییەکەیە

# پێشمەرگە پارەی گرێبەستی یاریزانانی دابین دەکات

دوای ئەوەی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر دەستی بە ئامادەکارییەکانی کرد بۆ دەستپێکی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە پێنج شەممەی داهاتوو یارییەکانی بە بەشداری ١٤ یانە کە دابەشکراون لەسەر دوو کۆمەڵە یارییەکانی بەڕێوەبچێت، یانەی پێشمەرگەی پیرمام ماوەیەکی زۆرە لە ئامادەکاری چڕدایە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە دەستپێکی خولەکە کارگێڕی یانەکەش بڕی پارەی پێویستی بۆ گرێبەستی یاریزانانی دابین کردووە، لەبارەی دابینکردنی گرێبەستەکانیش نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشەو ئێستا هیچ گرفتێکمان نییە، چونکە کەمپی مەشقیمان ئەنجامداوەو ئامادەین بۆ دەستپێکی وەرزی نوێ خولەکە، یاریزانەکان لەو پەری ئامادەباشیدان بۆ ئەوەی یەکەم یاری ئەنجام بدەن لە خولەکە.» لەبارەی دابینکردنی بڕی یەکەمی بەشی گرێبەستەکانیش نیهاد گوتی: «ئێمە پارەمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیك بەشی یەکەمی گرێبەستی یاریزانەکانی خۆمان بدەین بە یاریزانەکانمان بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ئاستی باشتر پێشکەش بکەن لەیارییەکانی دەستپێکی وەرزی نوێ خولەکە.» گوتیشی: «ئەوان مافی خۆیانە کە بڕی یەکەمی گرێبەستەکانیان وەربگرن، ئێمەش هەرچی باش بێت بۆ یانەکەمان ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزەدا ئاستی باش پێشکەش بکەین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە وەرزی نوێدا.



دوای ئەوەی رامیار ئازادی هێرشبەری پێشووی یانەی وەرزشیی هەولێر گەشتی تاراوگەی کرد، لە وڵاتی ئەڵمانیا بەمەبەستی درێژەدان بە ژیانی وەرزشیی خۆی توانی لەگەڵ یانەی VfB Lübeck ی پلەچواری ئەڵمانی گەیشتە رێککەوتن، لەدوای دەستپێکی وەرزی نوێ خولی پلەچواری یانەکانی ئەڵمانیا رامیار توانی لەگەڵ یانەکەی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و ئێستا هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوی گۆڵکاری خولەکە دەدات، لەم بارەشەوە رامیار ئازاد لە وڵاتی ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ لەگەڵ ئەم یانەیە درێژەم بە کاروانی وەرزشیی داوە، ئێستا لە خولی پلەچواری یانەکانی ئەڵمانیا یاری دەکەم و لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری لەگەڵ یانەی VfB Lübeck ١١ گۆڵم تۆمارکردووەو هەوڵدەدەم زیاتر دەربکەوم لە یارییەکانی ئەم وەرزی خولی ئەڵمانی، بەهیوای ئەوەشم بتوانم ئاستی باشتر پێشکەش بکەم و بتوانم هەنگاو بنێم بۆ ئەوەی لەدەرگای یانەی گەورەتر بدەم لە یانەکانی ئەڵمانیا».